# بەهار مونزیر لە سیمینارێك و بڵاوكراوەی ( كلارتاڵە ) دا

ڕۆژی 2004/06/24 بەهار مونزیر بە نوێنەرایەتی ڕێكخراوی ئازادی ژن، لە نەرویج بەشداری كرد لە سیمینارێكدا كە ڕێكخراوی ڕاوێژی پەنابەران (فلیكتنینگ رۆدە) لە كۆمۆنی فوداڵ سازی كردبوو. سیمینارەكە تایبەت بوو بە خەتەنەی كچان لە كوردستانی عێراق.

بەهار مونزیر سەرەتا باسی دروست بوونی ڕێكخراوی ئازادی ژن لە عێراقی وكارو چالاكی‌یەكانی كرد. هەروەها باسی لە كوشتنی سوهام كرد لە هۆڵەندا. دواتر باسەكەی چووە سەر خەتەنەی كچان‌و مێژووی ئەو دیاردەیەو مەترسی‌یەكانی كە لەسەر كچانی دائەنێت. دواتر ئامادبووان چەندین پرسیاریان لەوبارانەوە لێ كردو وەڵامی پێویستی دانەوە. ئامادەبووان داوایان لە بەهار كرد كە لەمبارەیەوە نامیلكەی ڕێكخراو ئامادده بكەن‌و بەزمانی كوردی سیمینار بگێڕن. شایانی باسە سیمینارەكە نزیكەی سێ چارەكی خایاند.

هەروەها بڵاوكراوەی (كلارتاڵە) كە بڵاوكراوەیەكی هەفتانەیەو لە قوتابخانەكانی پەنابەران‌و كامپەكانی سەرتاسەری نەرویجدا بڵاوئەكرێتەوە، لەژمارەی هەمان ڕۆژیدا واتە، 06/24، گفت‌وگۆیەكی لەگەڵ بەهار مونزیردا، وەك كەسێكی ئاتەئیست، سازدا سەبارەت بە حكومەتی كاتی عێراق‌و ئەوزاعی عێراق. بەهار لەو گفت‌وگۆیەدا باسی لەوە كرد كە ئەو حكومەتە بە هیچ جۆرێك نوێنەرایەتی خەڵك‌و خواستەكانیان ناكات، وە هەر لە ئێستاوە مافەكانی ژنانی تیا ژێر پێ نراوە.

**كۆمیتەی نەرویجی**

**حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق**

2004/06/28